No: ٢٨ ژمارە:

Data: ٢٠١٥/٨/١١ ڕۆژ:

# بڕیاری ژمارە (٢٨) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی پانزدەیەمی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٨/١١، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٢٨) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بەدەنگی (٢٨) ئەندام، بەپشتبەستن بە مادەکانی (٥)و (٦) بڕگەکانی ٨ و ٩) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩، بەمەبەستی گەشەپێدانی سیستمی بەڕێوەبردن و کاراترکردنی دامودەزگا حکومییەکان و هەردوو کەرتی (هاوبەش و تایبەت)و، نەهێشتنی گەندەڵیی و چەسپاندنی بنەماکانی شەفافیەت و لێپرسینەوە لە سنووری پارێزگای سلێمانیدا، بڕیاریدا بە:

١. پشتیوانیکردن لە پەیڕەوکردن و کارکردن بە سیستمی بەڕێوەبردنی کوالێتیی ISO: 9001، بەهەماهەنگیی لەگەڵ وەزارەتەکانی پلاندانان و دارایی و پارێزگای سلێمانیدا.

٢. لەسەر هەموو یەکە کارگێڕیی و بەڕێوەبەرێتییە گشتییەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی و کەرتەکانی (هاوبەش و تایبەت) پێویستە بە پشتیوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، خۆیان لەسەر ئەم سیستمە ڕابهێنن و کاری پێبکەن و لە هەوڵی بەدەستهێنانی بڕوانامەی باوەڕپێکراودا بن لەم بوارانەدا.

٣. ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کارپێدەکرێت.

لە سلێمانی نووسرا، لە ڕۆژی (١١) مانگی (٨) ساڵی (٢٠١٥)دا.

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی